# ڕێبەری حەوتەم - وانەی ٣١

| | |
|---|---|
| نوێژ | ١ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| بەشداریکردن (٢٠ خولەك) لۆقا | ٢ |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (لۆقا ٢٢ - 24) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١١: ٢٥ | ٣ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **پێداچونەوە** بکەن: یۆحەنا ١١: ٢٥ .

| | |
|---|---|
| فێرکردن (٨٥ خولەك) زۆربوونی ژمارەی باوەڕداران وکڵێساکان | ٤ |

## أ. بنەمای زۆربوونی ڕۆحی لە کتێبی پیرۆزدا

**پێشەکی** :

لە پێناوی زۆربوونی خەڵکی ، دەبێت یەکەمجار بیانبەیتەوە .

بۆ زۆربوونی قوتابی ، دەبێت بەقوتابی کردن ئەنجام بدەیت .

**<u>١. خزمەت لە پەیمانی کۆندا خزمەتی زۆرکردنی ژمارە بوو.</u>**

**پێشەکی** : واتای زۆربوونی ڕۆحی ، زۆرکردنی ژمارەی خەڵکیە ئەوانەی باوەڕدەهێنن بە خوداو گوێڕایەڵی وشەکانی دەبن .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : زۆربوونی ڕۆحی لە پەیمانی کۆندا چۆن ڕوویدا ؟

زەبور ٧٨: ٣- ٧ ؛ یۆئیل ١: ٣ **بخوێنەوە .**

**تێبینیەکان .**

زۆربوونی ڕۆحی لە پەیمانی کۆندا پێکاهتبوو لە گواستنەوەی ناسینی خودا و خواستەکانی بۆ سێ نەوەی دواتر ! وە لەو کاتەی خودا بانگی گەلی ئیسرائیل کرد بۆئەوەی ببێتە گەلی لە پەیمانی کۆندا فەرمانی پێکردن کە زۆربن لە ڕووی ڕۆحیەوە .

**أ. زەبور ٧٨: ٣- ٧ .**

ئەم زەبورە ئەوەمان بۆ دەنوسێ کە چۆن گەلی ئیسرائیل هەموو ئەوانەی پێیان ڕاگەیەنرابوو لەلایەن باوکانیانەوە لە بارەی خوداو خواستەکانی گواستیانەوە بۆ سێ نەوەی دوای خۆیان .

دەخوێنینەوە : " ئەو شتانەی بیستوومانە و زانیومانە،
ئەوەی باوباپیرانمان پێیان گوتووین (نەوەی یەکەم) ، ئەو شتانە لە منداڵەکانیان ناشارینەوە (نەوەی دوەم)، بەڵکو بە نەوەی داهاتوو (نەوەی سێ یەم) ، ستایشی یەزدان ڕادەگەیەنین،
هێزی و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی کە کردوویەتی. لەناو بنەماڵەی یاقوب شەریعەتی دامەزراند، لەناو ئیسرائیل تەورات، کە باوباپیرانی ئێمەی ڕاسپارد کە فێری منداڵانی خۆیانی بکەن، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بیانزانێت ، ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن ، ئەوانیش هەستن و بۆ منداڵانی خۆیانی باس بکەن (نەوەی چوارەم) ، ئینجا هیوایان بە خودا دەبێت،کردارەکانی خودایان لە یاد ناچێ، بەڵکو ڕاسپاردەکانی بەجێدەگەیەنن. " خودا بەرپرسیارێتی داوە بە دایکوباوك لە گواستنەوەی خودا ناسی و کارە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی و ڕاسپاردەکانی بۆ سێ نەوەی دواتریان ، واتە منداڵی منداڵەکانیان و نەوەی منداڵەکانیان ! بەم شێوەیە هەر نەوەیەك لە ئیسرائیل دەرفەتێکی هەبوو بۆ خودا ناسی و کارە جوانەکانی و گوێڕایەڵ بوونی ڕاسپاردەکانی .

**ب. یۆئیل ١: ٣ :**

خوداوەند فەرمانی دا بە یۆئیل ( نەوەی یەکەم) و فەرمووی : " ئەمە بۆ کوڕەکانتان بگێڕنەوە (نەوەی دوەم) ،کوڕەکانیشتان بۆ کوڕەکانیان (نەوەی سێ یەم)، کوڕەکانیشیان بۆ نەوەی دوای خۆیان (نەوەی چوارەم) . " ئەمەش بەرپرسیارێتی و کاری هەموو نەوەکانی ئیسرائیل بوو لە گواستنەوەی خودا ناسی و خواستەکانی بۆ چەندین نەوەی دوای خۆیان.

ئەمە ڕوویدا لە ڕێگەی فێرکردنی خێزانەکان بۆ نەوە بچوکەکانیان و لە ڕێگەی خزمەتی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن . منداڵانی هەر نەوەیەك منداڵانی مرۆڤ خۆیەتی ( دواوتار ٦: ١- ٩) هەروەها منداڵانی ئەوانی دیکە ( زەبور ٧٨: ٧١- ٧٢).

**<u>٢. خزمەتی عیسای مەسیح خزمەتی زۆربوونی ژمارە بوو .</u>**

**أ. عیساو مزگێنیدان .**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن عیسا خەڵکی دەبردەوە بۆ خۆی ؟

**تێبینیەکان .**

عیسا خەڵکی بردەوە بۆ خۆی . عیسا لە مانگی دیسمەبەری ٢٦ ز دەستی کرد بە خزمەت وخەڵکی بردەوە لە ڕێگەی چوونە نێو ژیانیانەوە یان هاتنە ژیانی خۆیەوە .

مەرقۆس ١: ١٥ ؛ یۆحەنا ٣٩: ٤٣ **بخوێنەوە** . عیسا خەڵکێکی زۆری هێنایە نێو ژیان وخزمەتەکەیەوە . چووە جەلیل و مزگێنی خودای بۆ ڕاگەیاندن و فەرموی : "کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن." خەڵکی بەشدار پێکرد لە ژیانیدا لە ڕێگەی مزگێنیدانی ئینجیل بۆیان و لە ڕێگەی هاندانیان بۆ تۆبەکردن و باوەڕهێنان بۆئەوەی ژیان وبیریان بگۆڕێ ! بانگی خەڵکی کردو فەرموی : " وەرن و ببینن " چۆن دەژی تا " شوێنی بکەون " لەوەی دەیکات .

یۆحەنا ٢: ١- ٢ **بخوێنەوە** . عیسا چوە نێو ژیانی ئاسایی خەڵکی دیکەوە . بۆ نمونە ، چوو بۆ شایی و جەژنی ئایینی جولەکە لە ئۆرشالیم و کۆبونەوەی ئاسایی لە کەنیشت . هەروەها بۆ ماڵی خەڵکی و نان خواردن لەگەڵیان ، وە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دوا لە شەقامەکان ، وە گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ خەڵکی دیکە سەبارەت بە دۆخی ئاسایی ڕۆژانە لە کارەکانیان وەکو ماسیگرتن یان باج کۆکردنەوە . لەو ماوەیەدا زۆر قوتابی دەهاتن و گوێبیستی فێرکردنەکانی دەبوون ، بەڵام مگەڵ ئەوەشدا لە کارە ئاساییەکانی خۆیان بەردەوام بوون وەك ماسی گرتن و باج کۆکردنەوەو هەر کارێکی دیکە .

**ب. عیساو ڕاهێنان .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : عیسا چۆن ڕاهێنانی دەکرد بە قوتابیەکانی ؟

**تێبینیەکان .**

عیسا قوتابیەکانی ڕادەهێنا لە ڕێگەی چەسپاوبونیان لە باوەڕ و ئامادەکردنیان بۆ ئەرك وچالاکیەکان . دوای ساڵێك ، بانگی چەند پیاوێکی دیاریکراوی کرد بۆ ڕاهێنانیان .

مەتا ٤: ١٩ **بخوێنەوە** . عیسا بە دوان لە قوتابیەکانی فەرموو : "وەرن دوام بکەون، دەتانکەم بە ڕاوکەری مرۆڤ."

لۆقا ٦: ١٢- ١٣ ؛ مەرقۆس ٣: ١٣- ١٤ **بخوێنەوە** . عیسا دوای نوێژکردن دوازدە قوتابی هەڵبژارد و و ڕایهێنان تا ببنە قوتابی خۆی . ڕاهێنانی پێکردن بەو شێوەیەی کە "لەگەڵیدا"بوون زۆربەی کاتەکان تا ژیان وخزمەتەکەی ببینن ، وە گوێ لە فێرکردنەکانی و وەڵامەکانی بگرن ، وە ئەزموندار بن لەوەی چۆن خەڵکی دەگۆڕێ و هاوکاری وەردەگرن . مانەوەیان لەگەڵ عیسا کاریگەری زۆری کردە سەریان !

لۆقا ١٠: ١- ١٦ **بخوێنەوە** . عیسا ڕاهێنانی پێکردن بەوەی دوو بە دوو ناردنی بۆ مزگێنیدانی ئینجیل و خزمەتی دابین کردنی پێویستیەکانی خەڵکی . لەو کاتە بەدواوە ، قوتابیەکان دوای کەوتن هەموو کاتێك .

یۆحەنا ١١: ٥٤ **بخوێنەوە** . لەماوەی دوو ڕۆژی کۆتایی لە خزمەتی ئاشکرای عیسا ، عیسا زۆربەی کاتەکان بە تەنها بوو لەگەڵ قوتابیەکانی بۆ ئەوەی فێریان بکات وڕاهێنانیان پێبکات لەپێناوی خزمەتی ئایندەیان .

**ج. عیساو نێردەیی .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بۆ چی هۆکارێك عیسا ڕاهێنانی کرد بە قوتابییەکانی ؟

**تێبینیەکان .**

عیسا قوتابییەکانی نارد وەکو خزمەتکارو نێردراو بۆ هەموو جیهان.

مەتا ٢٤: ١٤ بخوێنەوە . پێش مردنی عیسا لەسەر خاچ ، فەرموی ئەم ئینجیلەی شانشینی خودا مزگێنی پێدەدرێت بۆ هەموو جیهان .

مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ ؛ مەرقۆس ١٦: ١٥ ؛ لۆقا ٢٤: ٤٤- ٤٩ ؛ یۆحەنا ٢٠: ٢١؛ کردار ١: ٨ **بخوێنەوە** . دوای سێ ساڵ ونیو لە فێرکردن و ڕاهێنانیان ، عیسای مەسیح خۆی وەك نمونە پێشکەش کردن بۆ قوتابیەکانی لە مزگێنیدان بە خەڵکی و فێرکردنیان وچاککردنەوەیان ، عیسای مەسیح مرد لەسەر خاچ پاشان هەستایەوە لە مردن ، دوای هەستانەوەی ئەرکە مەزنەکەی پێ سپاردن ، هەر چوار ئینجیلەکە ئەرکە مەزنەکەی تۆمارکردوە و تیایدا دەردەکەوێ کە عیسا چەندین جار ئەو ئەرکەی دوبارە کردۆتەوە بۆ قوتابیەکانی لە بارودۆخ و شێوازی جیاوازدا. لە مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ قوتابییەکانی ڕاسپارد و فەرموی : " عیسا لێیان نزیك بووەوە و قسەی بۆ کردن: هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان."

کردار ١٧: ٦- ٧ **بخوێنەوە** . کۆمەڵێ قوتابی کەم دەچوونە هەموو شوێنێك ، ئیدی ئیپراتوریەتی ڕۆمایان سەرەوژێر کرد .

**<u>٣. خزمەت لە پەیمانی نوێ خزمەتێکی زۆربوونی ژمارە بوو .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : زۆربوونی ژمارەی ڕۆحی چۆن ڕوویدا لە پەیمانی نوێ ؟

أ. عیسا ژمارەی باوەڕدارە تۆبەکارەکان وقوتابییەکان و خزمەتکارانی زۆر کرد .

مەتا ٢٨: ١٩- ٢٠ **بخوێنەوە** . عیسا قوتابییەکان و نەوەکانی دواتری قوتابییەکانی فێرکرد لەبارەی زۆربوونی ژمارەی ڕۆحی لە پەیمانی نوێ! عیسا فەرمانی کرد بە قوتابییەکانی کە قوتابییە نوێییەکان فێر بکەن تا گوێڕایەڵی هەموو ئەو ڕاسپاردانە بن کە فەرمانیان پێدەکات . یەکێك لەو ڕاسپاردانە بۆ قوتابییە نوێیەکان ئەوەیە کە " بڕۆن بۆ هەموو جیهان و بیانکەن بە قوتابی " وە " فێریان بکەن گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی عیسا بن" بە ئەرکە مەزنەکەشەوە بێگومان ! ئیدی بەم شیوەیە بەرپرسیارێتی و کاری هەموو نەوەکان لە قوتابیەکانی عیسای مەسیح بە قوتابی کردن وفێرکردنی قوتابی نوێیە کە گوێڕایەڵی هەموو ڕاسپاردەکانی عیسای مەسیح و فێرکردنەکانی بن ! بەم شێوەیە نەوەکانی قوتابییە نوێیەکان و خزمەتکارانی مەسیحی کۆتایی پێنەهات ، بەڵکو بەردەوام بوو !

**ب. پەترۆس ژمارەی باوەڕدارە تۆبەکاران و قوتبایەکان وخزمەتکاران و کۆمەڵەی باوەڕدارانی زۆر کرد.**

کردار ٤: ١٣ **بخوێنەوە** . پەترۆس یەکێك بوو لە قوتابیەکانی عیسای مەسیح . وە موژدەی ئینجیلی بۆ زۆرێك لە خەڵکی ڕاگەیاند و قوتابیە نوێیەکانی فێر دەکرد کە ببنە قوتابی عیسای مەسیح . لەسەرەتادا بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئۆرسالیم خزمەتی دەکرد بەڵام دواتر گەشتی کرد بەرەو شوێنەکانی دیکەو کڵێسای نوێی چاند و سەردانی کڵێسای دیکەی دەکردو نامەی دەنوسی بۆ کڵێساکان .

**ج. بەرنابا ژمارەی باوەڕدارە تۆبەکاران و قوتبایەکان وخزمەتکاران و کۆمەڵەی باوەڕدارانی زۆر کرد.**

کردار ١١: ١٩- ٢٦ **بخوێنەوە .** بەرنابا بوە قوتابی مەسیح لە خزمەتەکەی پەترۆسدا . ئەویش موژدەی ئینجیلی ڕاگەیاند بۆ زۆرێك لە خەڵکی . وە باوەڕدارانی نوێی فێر کرد کە ببنە قوتابی عیسای مەسیح . گەشتی کرد بەرەو ئەنتاکیا و یارمەتی کڵێسا نوێیەکانی دەدا بۆ گەشە کردن.

**د. پۆڵس ژمارەی باوەڕدارە تۆبەکاران و قوتبایەکان وخزمەتکاران و کۆمەڵەی باوەڕدارانی زۆر کرد.**

١ سالۆنیکی ١: ٥- ٨ ؛ ٢ تیمۆساوس ٣: ١٠- ١٤ بخوێنەوە . بەرنابا پۆڵسی ئامادە کرد بۆ تەرسوس (ئێستا دەکەوێتە وڵاتی تورکیاوە) ، وە بەشداری پێکرد لە خزمەتی ئەنتاکیا (لە سوریا) . وە پۆڵس موژدەی ئینجیلی ڕاگەیاند بۆ زۆرێك لە خەڵکی ، وە قوتابیە نوێیەکانی فێر کرد ببنە قوتابی عیسای مەسیح . پۆڵس گەشتی زۆری کرد ، چوار گەشتی بۆ موژدە ڕاگەیاندنی ئینجیل ئەنجام دا لانی کەم ، وە کڵێسای نوێی چاند ( کڵێسای گەورەو هەروەها ماڵانیش) لە ئاسیاو ئەوروپا ، وە سەردانی کۆمەڵەی باوەڕدارانی کرد ، وە خزمەتکارانی مەسیحی ڕاهێنا ، وە ناردنی بۆ جاڕدانی موژدەی ئینجیل لە زۆر شوێن ، وە نامەی نوسی بۆ کڵێساکان و کۆمەڵەی باوەڕداران .

پۆڵسی نێردراو لە ١ سالۆنیکی ١: ٥- ٨ پێناسەی ڕوداوی زۆربوونی ژمارەی ڕۆحیمان بۆ دەکات لە شارێك پێی دەوترێ "سالۆنیکی" .پۆڵس وهاوکارەکانی سیلاو تیمۆساوس موژدەی ئینجیلیان لە سالۆنیکی ڕادەگەیاند ئیدی دانیشتوانی ئەو شارە گوێبیستی بوون کە چۆن پۆڵس و هاوبەشەکانی بەو پەڕی هێزو ڕەزامەندیەوە موژدەی ئینجیل ڕادەگەیەنن وە چۆن لەپێناوی یەکتردا دەژین ئەوانیش چاویان لە پۆڵس وهاوەڵانی کرد وبوونە خزمەتکاری عیسای مەسیحی خوداوەند هەرچەندە زۆر توشی چەوسانەوەو ئازار بوون . وە سالۆنیکیەکان بوونە نموونە بۆ باوەڕدارانی ناوچەکە ( مەکەدۆنیا) بەڵکو هەروەها بۆ ناوچەی دەوروبەریش (ئەخائیە)! ئیدی ناوبانگی باوەڕیان بەخودا زانراو بوو لە لای هەموان .

**هـ . تیمۆساوس ژمارەی باوەڕدارە تۆبەکاران و قوتبایەکان وخزمەتکاران و کۆمەڵەی باوەڕدارانی زۆر کرد.**

٢ تیمۆساوس ٢: ٢ بخوێنەوە . سەرەتا تیمۆساوس لە نەنکی و دایکیەوە زۆر فێر بوو ( ٢ تیمۆساوس ١: ٥؛ ٣: ١٥) . وە دواتر سەرچاوەی مەزنی فێربوونی پۆڵسی نێردراو بوو ، " ئەوەی لەبەردەم چەندەها شایەتدا لە منت بیستووە، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لێهاتوو بن، خەڵکی دیکەش فێربکەن. " تێبینی بکە خزمەتەکەی عیسای مەسیح پەترۆسی لەخۆگرت ، وە خزمەتەکەی پەترۆس بەرنابای لەخۆگرت ، وە خزمەتەکەی بەرنابا پۆڵسی لە خۆگرت ، وە خزمەتەکەی پۆڵس تیمۆساوسی لە خۆ گرت . پۆڵس هەستی دەکرد کە (نەوەی یەکەم) بەرپرسە لە ئەرك وڕاسپاردە مەزنەکەی عیسای مەسیح بەرامبەر سێ نەوەکەی دواتر ... تاد.

**٤. جۆری ئەو خەڵکەی دەبێت ژمارەیان زۆر بێت .**

**بزانە** : جۆری ئەو خەڵکە کامەیە  دەبێت ژمارەیان زۆر بێت لە خزمەتە مەسیحەیەکاندا ؟

مەتا ٢٨ فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕدارانی مەسیح ژمارەی قوتابیانی مەسیح زۆر بکەن ، بەڵام نەك تەنها وەك ئایین گۆڕین .

وە ٢ تیمۆساوس ٢ فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕدارانی مەسیح ژمارەی قوتابیانی مەسیح زۆر بکەن ئەوانەی پشتیان پێ دەبەسترێ و متمانەیان پێدەکرێت و ئامادەن و توانایان هەیە خەڵکی دیکە فێر بکەن .

زەبوری ٧٨ فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕدارانی مەسیح ژمارەی قوتابیانی مەسیح زۆر بکەن لە نێو ئەندامانی خێزانەکانیاندا .

وە نامەی سالۆنیکی یەکەم فێرمان دەکات هەروەها لە ناوچەو هەرێم و دەوروبەر.

وە مەتا ٢٤ و ٢٨ وە کردار ١: ٨ فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕدارانی مەسیح ژمارەی قوتابیانی مەسیح زۆر بکەن لە نێو هەموو نەتەوە یان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو جیهاندا ! ( بڕوانە بینین ٥: ٩).

**ب. زۆربوونی کۆمەڵەو کڵێساکان**

**پێشەکی** : واتای زۆربوونی ڕۆحی واتە زۆربوونی ژمارەی کڵێساکان ( ئەگەرچی کڵێسای گەورە بن یان کۆمەڵەی نێو ماڵان) لە هەموو شوێنێك.

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن کڵێساکان (کڵێسای گەورەبن یان کۆمەڵەی نێو ماڵان ) دێنە بوون ؟

**تێبینیەکان .**

**<u>١ . خودا دەستپێشخەری دەکات لە دروستکردنی کڵێسای نوێ.</u>**

کردار ١٣: ١- ٤ **بخوێنەوە** . دەکرێ ڕۆحی خودا بانگی هەندێك بکات لە کڵێسای نێو خۆیی بۆ خزمەتێکی دیاریکراو . بۆیە پۆڵس وبەرنابا چوون بۆ جاڕدانی موژدەی ئینجیل بۆ شارەکان و هەرێم و وڵاتانی زۆر . هەروەها کڵێسای نێو خۆیی فەرمانی کرد بە خزمەتکاران کە ئەو کارە ئەنجام بدەن .

**<u>٢. خزمەتکاران ژمارەی باوەڕداران و قوتابیان زۆر دەکەن .</u>**

کردار ١٣: ٥، ١٣- ٥٢ ؛ کردار ١٤: ١- ٢٢ **بخوێنەوە** . پۆڵس وبەرنابا وشەی خودایان ڕاگەیاند . موژدەی عیسای مەسیح ومردنی وهەستانەوەیان ڕاگەیاند ، وە لێخۆشبوونی گوناهەیان بە ناوی عیسای مەسیح وە بێتاوانبوون بە باوەڕی عیسای مەسیح ڕاگەیاند . لە زۆرێك لە شارەکان خەڵکی زۆریان هێنا بۆ مەسیح . لە کردار ١٤: ٢١ دەبینین دوای چەند کاتێك دەرفەت ڕەخسا بۆ باوەڕدارە نوێیەکانی مەرسیح گەشە بکەن ، ئیدی پۆڵس و هاوکارانی گەڕانەوە بۆ لای کۆمەڵە قوتابیەکان بۆ بەهێزکردن و هاندانیان .

**٣. خزمەتکارانی مەسیح پیران دەستنیشان دەکەن بۆ هەر کڵێسایەکی نێو خۆیی .**

کردار ١٤: ٢٣ **بخوێنەوە** .

**أ. چێنەری کڵێسا نوێیەکان .**

پۆڵس وبەرنابا ، ئەو کۆمەڵە باوەڕدارە نوێیانەیان هێنایە باوەڕ و کردیانن بە قوتابی و پیرانیان دەستنیشانکرد لە هەر کڵێسایەکی نێو خۆدا ، پاشان بەجێیان هێشتن و سپاردیانن بە چاودێری و پاراستنی خوداوەند عیسای مەسیح بۆ زانیاری لەسەر وشەی پیران بڕوانە ١تیمۆساوس ٤: ٤ بە زمانی یۆنانی پرێزبوتەرێۆن واتە پێکەوە ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵەی باوەڕدارانی نێو خۆیی ، وە زۆربەی ئەو کۆمەڵە ناوخۆییانە لە ماڵەکاندا کۆدەبوونەوە . وە زۆر بە ژیانی هاوبەشی ڕاستەقینە لە ماڵەکاندا بەشداریان دەکرد .

**ب. پیران .**

پیران لە یۆنانیدا واتە پێگەیشتوو تر وە توانایان هەبوە بۆ رابەرایەتی کردنی کڵێسا . بڕوانە ١تیمۆساوس ٥: ١٧.

**ج. ئەرکەکانی پیران .**

کاری پیران شوانایەتی گەلی کڵێسای نێو خۆیی یە ، وە دەبێت چالاك و چاودێر بن و بە ویستی خۆیان ئەم کارە بکەن ، وە فێرکەری وشەی خودا بن لە کڵێسای نێوخۆیی ، ئەمەش بەو واتایە نیە خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەوانەی خودا خستویەتیە نێو دەستیان بۆ چاودێری و بایەخ دان پێیان ، بەڵکو دەبێت ئەوانە خزمەتی خەڵکی بکەن . پیران بەرپرسیارن ڕاستەوخۆ لەبەردەم خوداوەند عیسای مەسیح ئەوەی سەری هەموو کڵێسایەکی نێو خۆیی و سەری هەموو کڵێساکانی جیهانە ( کردار ٢٠: ١٧- ٣٥ ؛ ١پەترۆس ٥: ١- ٤).

**٤. خزمەتکاران کاریگەریان بەردەوام دەبێت لەسەر کڵێسا نوێیەکان .**

١ کۆرنسۆس ٤: ١٤- ١٦ ؛ ١ تیمۆساوس ٥: ١٧ **بخوێنەوە** .

پۆڵسی نێردراو خودی خۆی لە نێوان ماوەیەك بۆ ماوەیەکی دیکە سەردانی کڵێساکانی دەکرد . وە هەندێ لە هاوکارانی دەنارد بۆ خزمەتی ئەو کڵێسایانە بۆ هاندان وخزمەتکردنیان ، نەك بۆ خۆسەپاندن بەسەریاندا. وە نامەی دەنوسی بۆ ئەو کڵێسایانە ، وە ئەو نامانە ئێستا بەشێکن لە کتێبی پیرۆز ، بەڵام پۆڵس هەوڵی نەدا خۆی زاڵ بکات بەسەر کڵێسا نێوخۆییەکان یان کۆمەڵەی نێو ماڵان یان ڕێکخراوەکانیان ، چونکە ئەمە بەرپرسیارێتی ئەو نیە بەڵکو بەرپرسیارێتی پیرانی کڵێسای نێو خۆییە . وە لە ١تیمۆساوس ٤: ١٤ وە ٥: ١٧ فێرمان دەکات کە کۆمەڵەی پیران یان پیرانی نێوخۆ ، دەبێت کاروباری کڵێسای نێوخۆیی بەڕێوەبەرن ( کڵێساکان یان کۆمەڵەی نێو ماڵان).

**٥. خزمەتکاران ڕاپۆرتیان پێشکەش دەکرد سەبارەت بە خزمەتەکەیان.**

کردار ١٤: ٢٧ **بخوێنەوە** . کاتێ پۆڵس و بەرنابا کارەکەیان تەواو کرد کڵێسای نێوخۆیی و گەلی کڵێسایان ئاگادار کردەوە لەوەی خودا کردویەتی لەگەڵیان و لە ڕێگەی ئەوانەوە .تێبینی بکە ئەوان پێیان

نەوتن کە خودی خۆیان ئەم کارەیان حەنجامداوە بەڵکو لە ڕێگەی ئەمانەوە خودا بە نیعمەت وهێزی خۆی ئەو کارەی ئەنجامدا . هەموو شکۆمەندیەکیان دا بە خودا لەو کارەی کە کردیان !

**ج. زۆربوونی ژمارەی شوێنکەوتوانی مەسیح (باوەڕداران)**

**پێشەکی** : واتای زۆربوونی ڕۆحی ، زۆربوونی ژمارەی قوتابیان وخزمەتکارانی مەسیحە لە هەموو شوێنێك . عیسا لە مەتا ۹: ۳۵- ۳۸ دا فەرموی : دروێنە زۆرە ، بەڵام سەپان کەمە ! وە بەپێی عیسای مەسیح دەبێت ژمارەی خزمەتکاران زۆر بێت بۆ دروێنە . چۆن دەکرێت زۆربن؟ بەپێی مەتا ۹ ، خودا خزمەتکاران زۆردەکات لە ڕێگەی نوێژەوە ! وە بەپێی مەتا ۱۰ ، خزمەتکاران زۆر دەبن لەڕێگەی ڕاهێنان و ناردنی قوتابیەکان بۆ جیهان !

**۱. ژمارەی باوەڕداران زۆر دەبێت لە ڕێگەی مزگێندانەوە .**

یۆحەنا ٤: ۳۵- ۳۸ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن ژمارەی باوەڕدارانی نوێ زۆردەبێت ؟

**تێبینیەکان .**

ژمارەی باوەڕدارانی مەسیح زۆر دەبێت لە ڕێگەی مزگێنیدانەوە .

عیسا چەندین جۆری خزمەتکاری مزگێنیدانمان فێر دەکات . دەفەرموێ : " یەکێك دەیچێنێ ویەکێکی دیکە دروێنەی دەکات . " هەندێ جار کاری مزگێنیدان وەکو چاندن وایە وە هەندێ جاریش وەکو دروێنە .

**أ. چێنەرەکان**

بێگومان ، چێنەرەکان لەم بەشەدا عیساو ژنە سامیریەکەن . عیسا دەرونی ژنە سامیریەکەی بردەوە . ئەویش بە ڕۆڵی خۆی چوو بۆ بردنەوەی دەرونی دانیشتوانی شارەکەی . لەو کاتەدا ، عیسا بە قوتابیەکانی ووت : " ئەی ئێوە ناڵێن: پاش چوار مانگ کاتی دروێنە دێت " ئەو کات دروێنە لە مانگی ئەپریل دەستی پێدەکرد ، ئیدی دەتوانین بزانین ئەو کاتەی تیایدا عیسا چاوی کەوت بە ژنە سامیریەکە مانگی دیسەمبەر بوو ئەو کاتەش هێشتا گەنم ئامادە نەبوو بۆ دروێنە کردن ، بەڵام دروێنەی ڕۆحی هیچ وەرزێکی دیاریکراوی نیە ! لەم بارودۆخەدا هیچ کاتێکی دورودرێژ نەبوو لە نێوان چاندنی تۆوی موهدەی ئینجیل و دروێنەی ژیانی هەتاهەتایی ! عیسا خەڵکی سامیری بینی بە نێو کێڵگەکاندا دێن بۆ شارەکە پێی فەرمون : " چاوتان هەڵبڕن و سەیری کێڵگەکان بکەن وا زەرد هەڵگەڕاون بۆ دروێنە."

**ب. دروێنەکاران (سەپانەکان)**

سەپانەکان قوتابیەکانن . عیسا بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەی دا بە ناردنی قوتابیەکانی بۆ دروێنەی ئەو خەڵکەو کۆکردنەوەیان بۆ شانشینی خودا . عیسا لە یۆحەنا ٤: ۳۸ دا دەفەرموێ : " من ئێوەم بۆ دروێنەیەك ناردووە کە پێوەی ماندوو نەبوون .کەسانی دیکە پێوەی ماندوو بوون و ئێوە بەرهەمی ماندووبوونیان دەخۆن ." عیساو ژنە سامیریەکە لە نێوان سامیریەکان خزمەتیان کرد ، عیسا بە ڕاستەوخۆ خزمەتی ژنە سامیریەکەی کرد ئەویش دیسانەوە بە ڕاستەوخۆ لە نێوان گەلەکەیدا هەمان

خزمەتی دوبارە کردەوە . ئێستا خوداوەند عیسای مەسیح قوتابیەکانی دەنێرێ بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی خەڵکەکە بۆ ژیانی هەتاهەتایی .

ج. یەکێك دەچێنێ ویەکێکی دیکە دروێنەی دەکات .

بەشێوەیەکی ئاسایی لە جیهانی ڕۆحیدا ئەوەیە ( یەکێك دروێنەی ئەوە دەکات کە یەکێکی دیکە چاندویەتی . " چونکە عیسا لە یۆحەنا ٤: ٣٧ دەفەرموێ : " لەبەر ئەوە ئەو پەندە ڕاستە کە دەڵێت: ”یەکێك تۆو دەکات و یەکێکی دیکە دروێنە دەکات ." وە هەموو خزمەتکارێک لە شانشینی خودا "سەپانە" و"چێنەرە" لەیەك کاتدا . هەندێ جار کاری سەرەکی خزمەتکارانی مەسیح چاندنە . پەیامی ئینجیل ڕادەگەیەنن . وە هەندێ جاریش کاری سەرەکی خزمەتکارانی مەسیح دروێنە کردنە ، یارمەتی خەڵکی دەدەن کە بە دڵ و ژیانیان پێشوازی لە مەسیح بکەن .

**٢. ژمارەی قوتابیەکانی مەسیح زۆر دەبێت لە ڕێگەی بەقوتابی کردنەوە.**

مەتا ٢٨: ٢٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ١١ ؛ ئەفەسۆس ٤: ١١- ١٦ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن قوتابیان زیاتر و زۆر دەبن ؟

**تێبینیەکان .**

ژمارەی قوتابیان زۆر دەبێت لە ڕێگەی بەقوتابی کردنەوە .

باوەڕدارانی نوێ گەشە دەکەن و دەبنە قوتابی ، ئەمەش لەڕێگەی فێرکردنیان لە گوێرایەڵیان بۆ فێرکردنەکانی خوداوەند عیسای مەسیح وبەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکانی .

أ. خزمەتکاری کرێکار و خزمەتکارانی کرێکار .

پۆڵس فێرمان دەکات کە چەندین جۆر خزمەتکاری شانشینی خودا هەیە. خودا هەندێك هەڵدەبژێرێ ودەستنیشان دەکات وەکو خزمەتکاری چاندنی تۆوی مزگێنی ئینجیل . هەندێکی تر وەکو ئاودێر ، واتە چاودێری کردنی باوەڕدارانی نوێ و بەقوتابی کردنیان، بەڵام لە هەموو ئەو جۆرە کارو خزمەتانەدا ، خودا خۆی ئەرکە جیاوازەکان دیاری ددەکات ، وە خودا خۆی گەشە بە کارەکان دەکات !

ب. چینە سەرەکیەکان و وەستا سەرەکیەکان .

لەگەڵ ئەوەی ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵ خودا کار دەکەن (هاوبەشی دەکەن لەکاری خودا) بەڵام ئەرکو کارەکانیان جیاوازن . هەندێ خزمەتکار دەستنیشان دەکرێ بۆ دانانی بناغەکە کە مەسیحە . مزگێنی دەدەن لەڕێگەی چاندن ودروێنەوە . وە خزمەتکارانی دیکە یارمەتیدەری باوەڕدارانی نوێن لە پارێزگاری کردن لە پەیوەندی کەسێتی بەردەوام لەگەڵ عیسای مەسیح تا زانینی تەواویان دەبێت لە فێرکردن و بیروباوەڕی مەسیح و زیاتر هاوشێوەی مەسیح دەبن لە کەسایەتی و هەڵسوکەوتیاندا ، لە ڕێگەی خزمەتەکەیان بۆ مەسیح .

**<u>٣. ژمارەی خزمەتکارانی مەسیح زۆر دەبێت لە ڕێگەی ئامادەکردنەوە .</u>**

ئەفەسۆس ٤: ١١- ١٢ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن ژمارەی خزمەتکارانی مەسیح زۆر دەبێت ؟

**تێبینیەکان** .

ژمارەی خزمەتکارانی مەسیح زۆر دەبێت لە ڕێگەی ئامادەکردنی باوەڕدارنەوە بۆ خزمەتکردن .

پۆڵس فێرمان دەکات کە خوداوەند عیسای مەسیح بەهرەی ڕۆحی و ئەرکی تایبەتی بە هەندێ خزمەتکار داوە بۆ ئامادەکردنی باوەڕدارانی دیکە بۆ کاری خزمەتکردن لە کڵێساو جیهان ! وە ئەرکی ئەوانە ئەوەیە هەندێکیان باوەڕداری مەسیح ئامادە بکەن بۆ مزگێنیدان ، وە هەندێکی تر بۆ بەقوتابی کردن ، وە هەندێکیان بۆ ئامادەکردنی خزمەتکاری زیاتر.

دەبێت لە هەموو کڵێسایەکدا جۆرەها خزمەتی جیاواز هەبێت ، وەکو فێرکردنی منداڵان و بردنەوەی دەرونە نوێیەکان و لاوان بۆ عیسای مەسیح ، وە کاری چاکەو خزمەتگوزاری لەگەڵ هەژاران و نەخۆش وستەملێکراوان ، وە بەڕێوەبردنی کڵێسای نێو خۆیی ، وە ماڵ خاوێنکردنەوە یان ئەو تەلارەی بەکار دەهێنرێت بۆ کڵێسا ، وە فێرکردنی خەڵکی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و تێگەیاندنیان ، وە نوێژ و سرودی ڕۆحی و تاد.

ئەوەی زۆر گرنگە لەبیرمان بێت ئەوەیە کە پیرانی کڵێسای نێوخۆیی بەرپرسن لەوەی بەقوتابی کردنی باوەڕداران هەبێت لەژێر چاودێریاندا لەپێناوی گەشەکردنیان وئامادەکردنیان بۆ خزمەت ئیدی لە کڵێسا نێوخۆییەکەیان بێت ئەو خزمەتە یان کۆمەڵەی نێو ماڵان یان هەر شوێنێکی دیکە .

**د. ناوەڕۆکی خزمەتی بەقوتابی کردن .**

**<u>١. خزمەتی بە قوتابی کردن ژمارەی قوتابیەکان و خزمەتکاران زۆر دەکات .</u>**

**بزانە** : ناوەڕۆکی بە قوتابی کردن ئەوەیە کەسانێک بکرێت بە قوتابی و ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان کەسانی دیکە بکەن بە قوتابی ! واتە ئامادەکردنی خزمەتکاران و بە قوتابی کراوانی مەسیح ! ئەمەش ژمارەی قوتابی نوێی مەسیح وخزمەتکارانی مەسیح زۆر دەکات !

هۆکاری گرنگی زۆربوونی ژمارە چیە ؟ مەتا ٩: ٣٦- ٣٨ دەڵێت : " کاتێك خەڵکەکەی بینی دڵی پێیان سووتا، چونکە وەك مەڕی بێ شوان پەرێشان و دەربەدەر بوون. جا بە قوتابییەکانی فەرموو: «دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت ."

٢. خزمەتی بەقوتابی کردن دەبێتە بزاڤ .

بزانە : ئەو خزمەتانەی ژمارەی قوتابیان و خزمەتکارانی نوێی مەسیح زۆر دەکات دەبێتە بژاڤ ! ئەم بزاڤەش درێژ دەبێتەوە بۆ نێو خێزان و هاوڕێ و کۆمەڵەی باوەڕداران ( کڵێسا یان کۆمەڵەی نێو ماڵان) وە بۆ نێو شوێنی کار و کڵێسای دیکە و کۆمەڵانی خەڵک و شارو هەرێم و ولاتانی دیکە ! عیسا فەرمانی کرد : " بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی " چونکە عیسای مەسیح هەموو دەسەڵاتێکی لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ بۆ تەواوکردنی ئەم ئەم ئەرکە ! عیسای مەسیح بانگی کڵێساکەی دەکات

له هەموو جیهان بۆ زۆربوونی ژمارەی ڕۆحی له هەموو شار و وڵاتێکی جیهان ! وه به نیعمەت وهێزی عیسای مەسیح کڵێسا دەتوانێ ئەم کاره بکات !

کتێبی پیرۆز ئەمه به سەرکەوتن و دەستکەوتێکی ئاسان باس ناکات . له سەردەمی عیسای مەسیحەوه زۆرێك توشی چەوسانەوه بوون بەڵکو گیانیان بەخت کرد له جەنگی ڕۆحیاندا . لەگەڵ ئەمەشدا سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەره به دڵنیاییەوه ! ( بڕوانه ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٩) ، وه بینین ١٧: ١٤؛ ١٩: ١١- ٢١)!

| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |
|---|---|

**به نۆره نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوه دەربخات که ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکه بکه به دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوه بێت که ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوه** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکه .** ئەرکی داهاتوو بده به ئەندامانی کۆمەڵەکەت به شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکه له پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان به ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانه دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست" باپتیزکردن له مەسیحیەتدا" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگره له خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگره له نیوەی بەشێك له تیتۆس ١-٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنه و تێبینیەکانت بنوسەوه .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکه له ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکه. یۆحەنا 12: 32 ڕۆژانه بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوه که لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئاماده بکه له ماڵەوه : یۆحەنا 14. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینه. تێبینیەکانت بنوسەوه .
٦- نوێژ . نوێژ بکه بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکه خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسه سەبارەت به بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانه بنوسەوه که پەیوەندیان به کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوه.